## تا زۆرینەمان قسە بکەین

# چەمکی کرێچێتی لە گفتوگۆدا




لە ئینتەرنێت وەرگیراوە بە دەستکاریەوە

ئا: هونەر

ئەوان کرێچین، هەر جارەی لە خانوێكو هەر مانگەی لە گەڕەكو كۆڵانێك دەژین، ئەو پارەیەی مانگانە دەستیان دەكەوێت، نیوەی زیاتری دەدەنە كرێ خانوو، زۆر جار بەهۆی هەڵسوكەوتی خاوەن خانوەوە لە ژیان بێزار دەبنو كێشە دەكەوێتە نێو ژیانی خێزانیانەوە، بەڵام با لێگەڕێین خۆیان قسە بكەن، با كەمێك گوێ لەخۆیان بگرین، بزانین چی دەربارەی كرێچێتی دەڵێن:

بەختیار محەمەد لە سەرەتادا وتی: دیارە ئەوە ئاشكرایە كە هەموو خەڵك كرێچی نین، بەڵام من خۆم لەخانوی كرێدام، بەڕای من كرێچی بوون تەنها لەوە باشترە كە لە دەرەوە بژی، دەنا ئەو پارەیەی دەستت دەكەوێت، دەبێت نیوەی زیاتری بدەی بە كرێ خانوو، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەگەر بەشی خەرجی ڕۆژانە بكات، باشە، بەڵام كۆسار جەلال قسەیەكی تر دەكاتو دەڵێت: من تا ئێستا ژیانی هاوسەریم پێك نەهێناوە، چونكە سەرقاڵی خوێندنم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ژیانی كرێچێتیم نەبینیبێ، ئەوا ئازارەكانیم لە هاوڕێكانم بیستووە، كە هەر ڕۆژەی لە دەرگایەكن، كۆسار پێی وایە مرۆڤ ناكرێت ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت، تا خانوی خۆی نەبێت، چونكە كرێچێتی ژیانی مرۆڤەكان دەشێوێنێ، پاشان هەردی عەلی قسەی كردو وتی: من بەنیاز نیم بچمە ژیانی هاوسەریەوە، چونكە تاقەتی كرێچێتیم نیە، بەلای (كامەران عەلی)شەوە وشەی كرێچی وشەیەكی زۆر نەشازە، وتیشی: كە گوێم لەو وشەیە دەبێت لە هەموو ئەو شتانە پەشیمان دەبمەوە كە لەمێشكمدا گەڵاڵەم كردوون، (سەهەند)یش بۆچونی لەهی هەردیەوە نزیكەو بڕیاری داوە، تا خانوی نەبێت، ژیانی هاوسەری پێك نەهێنێت.

پشتیوان ئەبوبەكر قسەی كردو وتی: كرێچێتی لای من واتە دۆزەخ، چونكە من كرێچیمو دڵنیاشم تا بیست ساڵی تر، ڕزگارم نابێ، نیوە موچەكەم بۆ كرێی خانوەو هیچ پاشەكەوتێكیشم نیەو ئەمەش مەترسیە بۆ سەر ژیانی من. سدیق خدریش دەڵێت، كرێچێتی وەك ئەوە وایە روح هی خۆت بێت، كەچی لەلاشەی كەسێكی تردا بێت، سدیق ڕای وایە، دەبێ حكومەت چارەسەرێك بۆ ژیانی كرێچیەكان بدۆزێتەوە، بەڵێن سەلیم یەكێكی ترە لەو گەنجانەی نەچۆتە ژیانی هاوسەری، بەڵام دەڵێت: كرێچی بوون وەك ئەوە وایە لەماڵی خۆتدا میوان بیت، هەروەها ئەحمەد ئیسماعیل كەخۆی كرێچیە، دەڵێت: گرفتی گەورە ئەوەیە كە كرێی خانوو لەدەست خاوەنی خانوەكەیەو بەپێی بەرژەوەندی خۆی زیادی دەكات، هەر خواش دەزانێت چ بێ یاساییەك لە بەكرێدانی خانوودا دەكرێت، شێرزاد عومەر لەگەڵ ڕای زوربەیاندایەو ئەوەش دەڵێت كە كرێچێتی كاریگەری خراپ دەكاتە سەر ژیانی هاوسەری، چونكە زۆرێك لە گەنجەكان لەترسی كرێچێتی ژیانی هاوسەری پێك ناهێنن، ئەو ئەگەرچی هاوسەرگیری نەكردوە، بەڵام ترسێكی زۆری لەدڵدایەو پێی وایە ئەگەر مرۆڤ لەخانوی كرێدا بوو، ژیان هیچ واتایەكی نامێنێت.

هێمن كەریم دەربارەی هەمان بابەت وتی: كەم گەنج هەیە دوای تەمەنی ١٨ ساڵی حەز بە ژیانی هاوسەری نەكات، بەڵام گرفتی گەورەیان كرێچێتیە، پێویستە دەسەڵات چارەسەرێكی بۆ بدۆزێتەوە، جا یان بەوەی شوێنی نیشتەجێبوون دابین بكات، یان كرێی خانوو كەم بكاتەوە، چونكە موچە بەشی كرێ ناكات، كەچی زانا حەسەن، ئەو كێشەیەی نیە، چونكە لەگەڵ ماڵی باوكی دەژی، دڵنیاشە ئەگەر كرێچی بایە، ژیانی هەراسان دەبوو، ڕێباز قادر هیوای خواست تا خوێندن تەواو دەكات، ئەو كێشەیە كۆتایی بێت، بۆئەوەی ئەو كات بێ گرفت ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت، بەڵام ئەوەشی بە مەحاڵ زانی، هەروەها بارزان عەلی پێی وایە چارەسەری ئەو كێشەیە تەنیا لای حكومەتە، دەبوو بەڕاستی بیرێكی لێ بكاتەوە.

ڕێبوار ڕەحیم خاوەنی سێ منداڵەو لە خانوی كرێدایە، ئەو دەڵێت: كرێچێتی چەندین گرفتی كۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەو تا ئێستا شەش خانوو گەڕاوە، هۆكاری زوربەشیان وەك خۆی دەڵێت یان ئەوە بووە كە لەگەڵ خاوەنی خانودا نەگونجاوە، یان كرێی خانوەكان زۆر بووەو بۆی دابین نەكراوە، ڕێبواریش ڕووی قسەی لە دەسەڵاتە بۆ چارەسەری ئەو كێشەیە، (دیلمان هەمزە)ش ئەگەرچی ژیانی هاوسەری پێك نەهێناوە، بەڵام هەست بە ئازارەكانی كرێچێتی دەكاتو پێشی وایە كە هەموو مرۆڤێك دەبێت بچێتە ئەو ژیانەوە، بەڵام ئەگەر كرێچی بوو، ئەو ژیانە هیچ تامی نابێت، كەسێكی تر بەناوی ئیسماعیل عوسمان وتی: ئەوەی ڕۆژێك لەكرێدا بوبێت، دەزانێ ئازارەكانی چەند ناخۆشن، ئەویش هەر پێی وایە دەبێت حكومەت پلانی هەبێت، بۆ چارەسەر، ئیسماعیل خۆی كرێچیەو لەخانوی كرێدا دەژی. پاشان هەڵكەوت كەریم وتی: ئەگەر لەخانوی كرێدا بیت، وەك ئەوە وایە بە هەناسەی كەسێكی تر بژی، هەر كاتێكیش مەبەستی بوو، هەناسەت لێ دەبڕێت، ئیتر دەبێ بگەڕێی كەسێكی تر مافی ژیانت پێ بدات، گەنجێكی تریش بەناوی بڕوا تا ئێستا نەچۆتە نێو ژیانی هاوسەریەوە، بەڵام لە ئێستاوە دڵنیایە، ئەو كات دەبێت هەر ڕۆژەی لە شوێنێك بژی، بەهۆی ئەوەی دەبێتە كرێچی.

نوسینگەكانی خانوو زەوی ئەو شوێنە گرنگانەن، كە ڕۆژانە زۆرێك لە هاوڵاتیان ڕوویان تێدەكەن، بە مەبەستی بەكرێگرتنی خانوو، كاك قادر خاوەنی نوسینگەی سارا ڕای خۆی دەربڕیو وتی: ڕۆژانە ڕێژەیەكی زۆری خەڵك سەردانمان دەكەن، بۆ بەكرێگرتنی خانوو، كە زوربەیان خەڵكی هەژارو كەم دەرامەتن، بەتایبەت كە داوای خانوی بچوك دەكەنو خانوی بچوكیش زۆر كەمە، وتیشی لە ناو شار كرێ زۆر گرانەو خانوەكانی دەرەوەی شاریش بێ خزمەتگوزارین، باسی لەوەش كرد كە ئێستا ڕێژەی بەكرێگرتنی خانوو لەچاو چەند مانگێك لەمەوبەر داویەتی لە كەمی، ئەگەرچی ئێستاش ڕێژەكە زۆرە، كاك قادریش دەنگی خستە پاڵ دەنگی ئەوانی ترو داوای ئەوەبوو كە حكومەت چارەسەرێكی ئەو خەڵكە هەژارە بكات.



# پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێو لاوانو ئاستەنگەكانی

## گەنجێك: پێشینەی هاوسەری (سلفەی زەواج) وەك پارەی سواڵ وایە

ئا: محەمەد سوڵتان

پێكهێنانی پرۆسەی هاوسەری یەكێكە لە پرۆسە كۆمەڵایەتیەكانی نێوان هەردوو ڕەگەز، لە سروشتی هەر كۆمەڵگایەكدا، بەڵام پرۆسەكە بێ گرفت نیە، وەك ئەو گەنجانە باسی لێوە دەكەن:

سەرەتا هیوا مەولود، بە هەناسەیەكی قوڵەوە وتی: لە كوردستاندا ئەو پرۆسەیە سەركەوتو نیە، چونكە من وەك گەنجێك لە توانامدا نیە ئەنجامی بدەم، من بژێویم بۆ دابین ناكرێت، چ جای ئەوەی خانوێك بە چەند گەڵایەك بەكرێ بگرم، هەمووشمان ئەوە دەزانین كە ژیانی هاوسەری پارەیەكی زۆری دەوێتو حكومەت هیچ هاوكاریەكی گەنجان ناكات، تا كەمێك لە ئاستەنگەكانیان كەم بكاتەوە، هەروەها دیدار دڵشاد تەمەن ٢٣ ساڵ بە ئاهێكی ساردەوە وتی: كەمی ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك لەوانە:

یەكەم: لایەنی ئابوری

دووەم: كاتێك گەنجێك دەچێتە خوازبێنی كچێك، كۆمەڵێك داواكاری زۆری دەخەنە بەردەم، كە جێبەجێكردنیان ئەستەمە.

سێیەم: كێشەی نیشتەجێبوون، ئەمیش گرانی نرخی كرێ خانوو، نەبونی شوقەو باڵەخانە دەگرێتەوە.

چوارەم: نەبونی هیچ یارمەتیەك لەلایەن حكومەتەوەو ئەو پارەیەش كە وەك پێشینەی هاوسەری (سلفەی زەاج) دەدرێت، وەك سواڵ وایەو ناتوانێت پێویستیەكانی ئەو پرۆسەیەی پێ جێبەجێ بكرێت.

پاشان كانی تەمەن ٢٦ ساڵ وتی: بەداخەوە كچانی ئێمە زوربەیان بیر لەوە دەكەنەوە، لەگەڵ كوڕە دەوڵەمەندەكان هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ڕێژەیەكی زۆریان داوای ئۆتۆمبیلو خانو پارەو زێڕ لە كوڕان دەكەن، ئەمەش وا دەكات كوڕان نەتوانن بیر لە پرۆسەكە بكەنەوە، من كچ بە هۆكاری كێشەكان دەزانم.

یەكێكی تر لەو كۆسپو تەگەرانەی دەكەونە بەردەم پرۆسەی هاوسەری لایەنی ئابوریە لەمبارەیەوە بەشدار تەمەن ٢٨ ساڵ نمونە بەوە دەهێنێتەوە كە ئەو كچێكی بۆ ماوەی چەند ساڵێك خۆش ویستوە، بەڵام لەكاتی داواكردنیدا دایكی پێی وتوە كە تۆ كوڕێكی هەژاریو ناتوانی داوای كچی من بكەی، لە كۆتاییدا كچەكە شوی بە كوڕێك كرد كە لە هەندەران گەڕابوەوەو دەوڵەمەند بوو، بۆیەش ئەو هۆكارە ئابوریە وایكرد كە پەیوەندی نێوان ئەوو خۆشەویستەكەی كۆتایی پێ بێت.

# توڕەیی وەك نەخۆشیەكی باوی كۆمەڵ

## ڕۆژنامەنوسێك: شۆفێرو پیادەو دوكاندارو پۆلیسو پینەچیو نانەواو فەرمانبەرو بەرپرسو ماسیگرو هونەرمەندەكانیشمان توڕەن



ئا: هێدی محەمەد

هەر كە باسی كەسێكی پەستو توڕە دەكرێت، ڕاستەوخۆ ڕوخساری كەسەكە بە غەمناكیو ڕویەكی گرژو ناوچەوانێكی گنجگرتوو دێتە پێش چاومان، ئەمە بۆچونی دەشتی محەمەد خوێندكاری زانكۆ تەمەن ٢٣ ساڵە، ئەو بەردەوام دەبێتو دەڵێت: پەستی بارێكی دەرونیە بەسەر هەر تاكێكی كۆمەڵدا دێتو دەبێتە هۆی تێكچونی دەرونی كەسەكەو پاشان ئازاردانی كەسانی دەوروبەری لێ دەكەوێتەوە، هەروەها پێی وابوو كە دەبێت دەوروبەر زۆر بە هێمنی هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵكانی توڕەدا بكەن، تا دەگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان، تا توڕەبونەكەیان نەبێتە مایەی ڕوودانی هیچ حاڵەتێكی ناخۆشو نەخوازراو، هەروەها بۆ هێمن بوونەوەیان وا پێویست دەكات، كە پشوویەك بدەنو دەست لەو كارە هەڵگرن كە پێوەی سەر قاڵن، پاشان سدیق عەلی ڕۆژنامەنوس تەمەن ٢٧ ساڵ وتی: توڕەیی دەردێكی كوشندەی كۆمەڵایەتیەو چارەسەریشی تۆزێك ئەستەمە، بەتایبەت ئەگەر ئەو بارە دەرونیە تێكەڵی كلتوری كۆمەڵگایەك بوبێت، توڕەیی بەلای ئەوەوە گوێنەدانە بەو پلەو پایە كۆمەڵایەتیەی كە كەسی توڕە تێیدایەو هەروەها كەسی توڕە نازانێت لەكوێ وەستاوەو كاتو شوێنی خۆی نازانێت، پێویستە ئەگەر هەستمان بە توڕەیی كرد، سەیرێكی ڕاستو چەپی خۆمان بكەینو بزانین لەكوێ وەستاوین، ئەمەش وا دەكات بارە دەروونیەكە هێمن ببێتەوە، هەر لەدرێژەی قسەكانیدا ئاماژەی بەوە كرد كە كۆمەڵگای ئێمە كۆمەڵگایەكی توڕەیەو نەوە لەدوای نەوە بە توڕەیی پەروەردە دەبین، بازارمان توڕەیەو شۆفێرو پیادەو دوكاندارو پۆلیسو پینەچیو نانەواو فەرمانبەرو بەرپرسو ماسیگرو هونەرمەندەكانیشمان توڕەن، توڕەیی بۆتە بەشێكی جیا نەكراوە لەبیركردنەوەی ئێمەو پێویستیمان بە گۆڕانكاریەكی ڕیشەیی هەیە لە دەرونی خۆمان، تا ببینەوە مرۆڤی ئاسایی.

هەر لەو بارەیەوە ئاری پیرۆت خوێندكاری پەیمانگا تەمەن ٢١ ساڵ وتی: من وەك خۆم پەست بوونم كەمەو كەسێكی ئارامم، بەڵام ئەگەر كاری نابەجێ زۆر لەبەر چاوم دووبارە بوونەوە، زۆر بەخێرایی توڕەو پەست دەبم، هەروەك پەندە كوردیەكە دەڵێ: (جام كەپڕبوو، لێی دەڕژێ)، هەروەها پێی وابوو باشترین هۆكاری خۆپاراستن لە توڕەیی، ئارامیو هێمنیە. هەروەها هەژار سامی فەرمانبەر تەمەن ٢٣ ساڵ وتی: من كەسێكی زۆر دڵ سافمو هەر وا ناسراوم، هەر ئەمەش وای كردووە كە گوێ بە توڕەیی نەدەم، بەڵام ئەوەی توڕەم بكات درۆو دوو ڕوویيە، ئەو كەسانەش كە توڕەن هەمیشە پێیان دەڵێم، تا هێمن بنو دان بەخۆتاندا بگرن، پەشیمان نابنەوە. ئنجا ئارەزوو حەسەن فەرمانبەر تەمەن ٢٠ ساڵ باسی ئەوەی كرد كە كەسێكە زۆر زوو توڕەو پەست دەبێت، بەڵام هەر بەزوویش پەشیمان دەبێتەوە، ئەو دەڵێت: دوای توڕەبوونم بە ماوەیەكی كورت، هیچ شتێكم لەدڵدا نامێنێت، هۆكاری توڕەبونیش كاری نابەجێو لەیەكتر نەگەیشتنە. لە كۆتاییدا جێگر حاجی خوێندكاری زانكۆ تەمەن ٢٦ ساڵ وتی: من پەستی لەخۆمدا بەدی ناكەم، بەڵام كاتێك توڕە دەبم، ئەگەر كەسێك بیەوێت توڕەم بكات، هەروەك وتی، هیوادارم كەسمان توڕە نەبین، چونكە ئاكامەكەی باش نیە.